# نزیک بوو لەوەی نەهی بکەم لە غیلە کردن، هەتاوەکو سەیرم کرد ڕۆم وفارس غیلە دەکەن، ومنداڵەکانیان بەهۆی ئەوەوە تووشی هیچ زیانێک نابێت

لە جوزامەی کچی وەهبەوە، خوشکی عوکاشە، دەڵێت: ئامادەبووم کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە نێو کۆمەڵێک خەڵکدا فەرمووی: «نزیک بوو لەوەی نەهی بکەم لە غیلە کردن*، هەتاوەکو سەیرم کرد ڕۆم وفارس غیلە دەکەن، ومنداڵەکانیان بەهۆی ئەوەوە تووشی هیچ زیانێک نابێت»، پاشان پرسیاریان لێیکرد سەبارەت بە (عەزل:الْعَزْلِ)**؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەمە کوشتنی منداڵی زیندووە بە شاراوەیی -الوأد الخفي-»، عبيد الله لە موقریئەوە ئەم بەشەی زیاد کردووە -کە ئایەتە-: {وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ} [التكوير:8] واتە: {وە کاتێك پرسیارکرا لە کچانی زیندە بە چاڵ}. *(غیلە کردن واتا: جووتبوون لەگەڵ خێزاندا ئەگەر لە حاڵەتی سکپڕبوون یان شیرپێداندا بێت)، **(عەزل: بریتیە لە دەرهێنانی ئەندامێنی نێرینە لە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەت ئەگەر مەنیەکە نزیک بووە لەوەی بێتە دەرەوە؛ بۆئەوەی لە دەرەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەتەکە دەربچێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی نەهی بکات لە غیلە کردن ئەمیش بریتیە لەوەی پیاو جیماع لەگەڵ خێزانەکەیدا بکات ئەگەر خێزانەکەی لە حاڵەتی شیرپێدان یان سکپڕ بێت: ولە نێو عەرەبدا ئەوە بڵاو بوو کە ئەمە زیان بە منداڵەکە دەگەیەنێت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ویستنی نەهی کردن گەڕایەوە کاتێک سەیری کرد ودڵنیا بووە لەوەی کۆمەڵێک لە خەڵک لە فارس وڕۆمەکان (منداڵەکانیان) تووشی زیان نابن بەهۆی ئەمەوە، پاشان پرسیاریان لێیکرد سەبارەت بە (عەزل:الْعَزْلِ*)؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- ئەم کارەی چوواند بە کاری خەڵکی سەردەمی جاهیلیەت (پێش ئیسلام)، کە کچەکانیان بە زیندوویێتی لە چاڵدەنا، وجیاوازیەکەیان ئەوەیە یەکەمیان بە نهێنیەوە دەکرێت، ودووەم بە ئاشکرا دەکرێت، عەزل کارێکی زۆر مەکروهە لە شەریعەتدا؛ ئەمیش بە پێی کۆی بەڵگەکان وفەتوای زانایان. *(عەزل: بریتیە لە دەرهێنانی ئەندامێنی نێرینە لە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەت ئەگەر مەنیەکە نزیک بووە لەوەی بێتە دەرەوە؛ بۆئەوەی لە دەرەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەتەکە دەربچێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58100